# دۆخێکی تر

**سەلاح محەمەد**

دەرگای بارەکان داخران

شەقامەکان لەسەر شۆستەکان

لێی خەوتن

دەنکە، دەنکە، سەرخۆشەکان

کەوتنە جامی ماڵەکان

پەرداخەکان وشك هەڵگەڕان

جگەرەی خەم داگیرساوە

لێوی شەو مژی لێ ئەدا

ئەوە تانێ

دوکەڵ یاری

بەهەناسەی سووتاو دەکا